# شێخ نوری شێخ ساڵح سیمبولێکی نوێخوازی لە کلاسیکەوە بۆ رۆمانتیک

**ID No. 2836**

(PP 114 - 128)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.6.7

**سامان عزالدین سعدون**

بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردە و زمان / زانکۆی چەرموو

saman.ezadin@charmouniversity.org

**وەگـــــــرتن : 2019/05/08**

**پەسندکردن : 2019/09/24**

**بڵاوکردنەوە : 2019/12/05**

**پوختە**

پرۆسەی نوێکردنەوە لە ئەدەبی کوردیدا پرۆسەیەکی دوروو درێژە , دیارترین قۆناغی مێژوویی ئەم پرۆسەیە , ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستە ,کە بناغەکەی لە سەردەستی شێخ نوری دامەزراو بۆ سەردەمێکی دیاریکراویش (1920 - 1930) لە باشوری کوردستان وەك مۆدێلێکی نوێ پەیرەوکراوە .شاعیر بە سود وەرگرتن لە بزاڤی شیعری نوێی تورکی توانیوێتی کۆمەڵێك گۆرانکاری لە سیمای شیعری کوردی لەروی روخسارو ناوەرۆکدا بە شێوازی نوێ بهێنێتە ناوەوەی جیهانە شیعرییەکەی سەردەمەکە .بەم پێیە قۆناغی کلاسیکی تێدەپەرێنێت و بناغەی رێبازی رۆمانتیکی کوردی, وەك قۆناغێکی نوێی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دادەمەزرێنێت .

شەقلی هەرە دیاری رێچکە (تازە)کەی شێخ نوری, هێنانە کایەوەی زمانی کوردی پەتی وناوەرۆکی نوێ و یەکێتی بابەت و گۆرینی قافیە و بەکارهێنانی جوت سەرواو کەم کەمیش کێشی برگەیی بووە . یەکێکی تر لە سیماکانی نوێخوازییەکەی, روونی و ئاشکرایی مەبەستەکانی ناوەرۆکی شیعریی بوو.

لێرەدا ئەو راستیە ئاشکرا دەبێت کە شێخ نوری ئاگاداری رەوتی نوێخوازی ئەوروپی بووە ئەم بۆچوونەشی لەوانەوە وەرگرتووە. بەم پێیە شێخ نوری وەك یەکەم بناغە دارێژەری نوێکردنەوەکە توانیویەتی بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا بخاتەروو کە بنەماکانی لە سەرچاوە رەسەنو خۆماڵییەکەی ئەدەبیاتی کوردیمانەوە دارشتووە. . گۆران و زۆربەی شاعیرانی سەردەمەکە پەیرەوکەری رێچکە نوێیەکەی شێخ نووری بوون .گۆران خۆیشی نکۆلی لەو راستیە ناکات کە ماوەیەك پەیرەوی رێچکەکەی شێخ نوری وهاورێکانی کردوە.

## ١-پێشەکی

ئەم لێکۆلینەوەیە تایبەتە بەرۆڵی شێخ نوری لە نوێکردنەوە شیعری کوردیدا بە دیالێکتی کرمانجی باشور. چونکە لە لێکۆلینەوەیەکی وهادا کە پابەندی رێنمای و مەرجەکانی کۆڤاری زانکۆ یە هەر ئەوەندە بوار دەبێت کە تایبەتبێت بە شاعیریک و ناوچەیەکی دیاریکراو. تاکو زاڵ بین بەسەر ڵێکۆلینەوەکەدا بۆیە لێرەدا باس لە رۆلی شاعیرانی تر ناکەین لە نوێکرنەوەی شیعری کوردی بە دیالێکتەکانی تر. نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو و پێکەوە گریدراوە , لە بەدوایەك هاتنی رەوتی مێژوویی خۆیدا گەلێك هەنگاوی ناوە و گۆرانکاری بەسەردا هاتوە . قۆناغی نوێکردنەوە قۆناغێکی دورودرێژە چەندین ناونیشانی هەمەجۆری لەخۆگرتوە، هەندێك لە رەخنەگرانو لێکۆڵەران تەنانەت شاعیرانیش تێروانینی جیاوازو هەندێ جار نا زانستیانەیان لە بارەی نوێکردنەوەکەوە خستۆتە بەردەست، چونکە بەپشت بەستن بە بنەماکانی چەمکی نوێکردنەوە هەندێك لە رایەکان ناگونجێن وجیاوازن، کە ناکرێ بنە بناغەو تێروانینەکانمانیان لەسەر بنیات بنێن. زۆربەی ڵێکۆڵەران رایان وایە قۆناغەکانی نوێکردنەوە لە سەرەتاوە تاکو ساڵانی هەفتاکان بەم قۆناغانەی لای خوارەوە تێپەریوە:

سەرەتاکانی نوێخوازی : 1898 – 1920 بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (حاجی قادری کۆیی ,وەفایی , , ,حەمدی, زێوەر, ئەسیری,ئەحمد موختار بەگی جاف ,قانیع, بەختیار زێوەر .....)

بە دیالێکتی کرمانجی باکور ( عەبولرەحیمی رەحمی هەکاری و جگەر خوێن و قەدری جان ....)

1. قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی: ( 1920 – 1970 )کە دوو رێچکە لە خۆ دەگرێت:-
   - رێچکەی یەکەمی نوێکردنەوە : ( 1920 – 1930 )
   - رێچکەی دووەمی نوێکردنەوە : ( 1932 – 1970 )

2. قۆناغی دووەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی. ( 1970 – 1990 )

لەم لێکۆڵینەوەیەدا روو لە رێچکەی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکەین, بۆ ئەوەی ئەو راستیە رون بکەینەوە, کە وەکو چەند پرسیارێك روبەروی لێکۆڵینەوەکەمان دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە , کە چۆن نوێکردنەوەکە هاتە کایەوە؟ کێ پێشەنگی ئەم رێچکە نوێیەیە لە باشوری کوردستان ؟ و ئەو سیماو خەسلەتە دیارانە چین کە رەنگ و روی نوێخوازیەکەیان کێشاوە ؟.

باری سیاسی وکۆمەڵایەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم , تەوژمێکی رۆشنبیری و ئەدەبیشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە . کە شاعیرو نوسەرانی کەوتنە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی .بە تایبەتی ئەوانەی تامەزرۆی بەهرەی هونەرییان بەو شیعرە کلاسیکیەی ئەو سەردەمە نە دەشکا . بۆیە لە ئەنجامدا کۆمەڵێك شاعیری بەهرەدار کەوتنە خولیای ئەوەی کە بین بنێن بە سەرچاوەی ئەدەبی نوێی تورکەکانەوە , لە هەنگاوی یەکەمدا ئەدەبەکەیان بریتی بوو لە لاسایی کردنەوەی شیعری رۆمانتیکی تورکی . نوری شێخ سالح یەکەم شاعیرو پێشرەوی ئەم رێبازە ئەدەبییە نوێیە بوو . (خورشید ،ل. ٦٨ )

سەبارەت بە یەکەمین شاعیریش کە پێشەنگ بووە لە قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا کە تا ئێستالای زۆرێك لە نووسەران و لێکۆلەرانی کورد بابەتیانە و زانستانە تێروانینەکانیان لەم بارەیەوە نەخستۆتە روو , چونکە هەندێکیان بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی رۆڵی "شیخ نوری " فەرامۆش دەکەن ولە سۆنگەی ئاکامی نوێکردنەوەکە دا "گۆران" بە بناغە دارێژەرو پێشەنگ لەقەڵەم دەدەن وهەندێکی تریان هەر بەتەنیا "شێخ نوری " بە رابەر دادەنێن و "گۆران" فەرامۆش دەکەن, بەڵام هەندێ رەخنەگرو لێکۆڵەریش هەن , تێڕوانینی جیاواز لەو تێڕوانینانەیان خستۆتە روو * .( دڵشاد 2005 ، ل . )

**٢-هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

ناڕۆشنیو نا بابەتیانە خستنەرووی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لای هەندێ لە لێکۆڵەران ونووسەرانی کورد لەو تێڕوانینەیاندا کە خستوویانەتەڕوو، هەستی پێ دەکرێو دەبینرێ ئێمە بەپێی توانا، بابەتیانە هەوڵی ڕوونکردنەوەیان دەدەین کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.هەروەها سەلماندنی ئەو رایەمان, کە شێخ نوری پێشەنگی یەکەمی نوێکردنەوەکەیەو,هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی قۆناغی کلاسیکی تێپەڕێنێت و شێوازێکی نوێ و جیاوازی بهێنێتە کایەوە .

**٣-گرنگی توێژینەوەکە :**

1 - تیشک دەخاتە سەر قۆناغیکی گرنگ و میژوویی لە ئەدەبی کوردیماندا ، هەوڵێکە بۆ رۆشنکردنەوەی قۆناغی سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ماوەی نێوان سالانی ( ١٩٢٠- ١٩٣٠ )

2 - ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی پێگەی شێخ نوری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی و رۆڵی لە پێشخستنیدا

3 - بۆیەکەمجارە هەندێ بۆچوونی لێکۆڵەرانی کورد کە لەبارەی نوێکردنەوەی شیعردا خراونەتە روو راڤە دەکات

**٤-سنوری لێکۆلینەوەکە :**

سنوری لێکۆلینەوەکە دەست پێدەکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی نوێکردنەوە لە شیعری کوردی بە دیالێکتی کرمانجی خواروو تا سالانی سییەکان .لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها روو لەو شیعرانە دەکەین کە لە نێوان سالانی 1920- 1930 نوسراونلە باشوری کوردستان.

ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکیەكو دوو بەشو ئەنجام پێکهاتوە:

**2. چەمکی نوێکردنەوە**

نوێکردنەوە خواستێکی نەرێنی سەرجەمی مرۆڤایەتییە , دیاردەیەکە لە دیاردەکانی گەشەکردن و پێشکەوتن , ناوکی بزاڤی ژیانە و چەقی هەنگاونانە بەرەو ئاسۆییەکی گەشتر کە نمایندەی بزواندنی جیهانبینی ژیانە. چەقبەستن و بێدەنگ بوون سیمای مردن و لە ناوچوونە , گەشەکردن و بزاوتن و بێدەنگ نەبوون نیشانەی ژیانە وبنیاتی رەگەزی نەمریە لە جەستەو زەینی کۆی مرۆڤەکان دا .

لە بواری ئەدەبیاتیشدا بەو بزوتنەوە ئەدەبییە ئیسپانی – ئەمریکاییە دەگوترێ کە لە کۆتای سەدەی 19 دا لەژێر کاریگەرێتی پەرناس و سمبوولیزمە فەرەنسییەکاندا لەدایك بوو . ( فەرهاد ٢٠٠٥ ، ل ، ١٨ )

نوێکردنەوە لە شیعردا دەبێ لەسەر بناغەیەکی هونەری بەرز بنیات نرابیت بە پشت بەستن بە زانیاری هەمەجۆر و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند کە رەنگ بداتەوە لە سروشتی پێکهاتەی دەقی نوێکردنەوەدا. نوێکردنەوە دەبێ خواستەکانی سەردەمەکە بێنێتە دی و لە دیدێکی واقیعیانەوە چارەسەری گرفتەکان بکات و لە ئاستی خەم و خەونی قۆناغەکەدا بێت .((نوێکردنەوەی رەسەن

نایاتەکایەوە هەتا دوور نەکەوێتەوە لە ئالۆزی واژەو تەم و مژی بیری هونەری وهەروەها لەگەڵ رێچکەی کاروانی مرۆڤایەتیدا نەروات بەرێوە لە هەموو بووارەکاندا.)) ( یوسف ٢٠٠٧ ، ل. ٣٢ ) .

بەم پێیە رزگاربوون لە ئەدەبی کۆن ودەرچوون لە یاساو پرنسپەکانی و بەتایبەتیش لەو سیستەمە چەقبەستوەی کە بە درێژایی چەندین سەدە باڵی بەسەر جیهانی ئەدەبی گەلاندا کێشابوو کارێکی دژوارو سەخت بوو .

گەیشتن بە رەسەنایەتی و مانەوەی بنیاتی هونەری لەناو بازنەی نوێکردنەوە دەبێ لەو سۆنگەیەوە بێت کە لە یەك کاتدا سوود لەگەنجینەی رابردوو و واقیعی ئەمرۆی نەتەوە وەربگرین.

**نوێکردنەوە لە ئەدەبی ئەوروپیدا**

سەدەکانی کلاسیزم تەنیا سروشتێکی جاویدان و عەقلێکی نەگۆریان هەبوو . چەند دەستورێکی گشتی سەقامگیر هەبوو , نەدەبووایە نووسەرو هونەرمەندان لێی لا بدەن .بەرهەمی شیعریی ئەوروپی لە سەدەی هەڤدەهەمدا, بەلای زۆربەی رەخنەگرانەوە جۆرێك لە چەقبەستوویی بەخۆیەوە بینیوە، ماوەیەکی زۆر بوو شیعر هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، بەتایبەتی لە ڕووی فۆرم و قاڵبی شیعریەوە، جگە لەوەش لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە هەنگاوی تازەی نەنابوو، بۆیە " لە نیوەی یەکەمی سەدەی 18 بەملاوە نووسەرە ئەوروپییەکان چیتر پێویستی و مننەتیان بەوە نەما گوێ لە ئامۆژگارییەکانی کلاسیکەکان رابگرن لە بارەی ئەوەی داهێنانی ئەدەبی ببەسترێتەوە بەو چەند دەستوورە نەگۆر و کلێشەییانە . لە سەر ئاستی چەند بنەمایەکی تازە هەوڵی گۆرانکاری لە هێنانە کایەوەی شێوازی نوێی هونەری شیعری لە ئەوروپا درا. سەرهەڵدانی رۆمانسیزم لە ئەوروپا وەك هەنگاوی یەکەم , بناغەی نوێکردنەوەی شیعری ئەوروپی چەسپاند .

ناوەرۆکی نوێکردنەوە لە ئەدەبی ئەوروپی لە شیعردا بریتییە لەهێنانەکایەوەی رۆمانسیزم کە بیری تاکە کەس و باڵادەستی ( من ) لە هونەرو ئەدەبدا دەچەسپێنێ . دەستەیەك لە شاعیرانی رۆمانسی لە نێوان 1798 – 1815 یەکەمین کۆمەڵە شیعری رۆمانتیکانەی هاوبەشی خۆیان بڵاوکردەوە لەناودارترینیان , "ولیام وۆردس وۆرس و کۆلریدج "ە , کە دیوانە شیعرێکی هاوبەشیان پێکەوە بڵاوکردەوە لە پێشەکیەکەیدا نووسیویانە " ئامانجی سەرەکیمان لەم هەڵبەستانە ئەوەیە کە رووداو هەڵبەستەکان لە ژیانی عادیەوە هەڵبژێرین و چەندی پێمان بکرێ بە زمانی خەڵك وەسفیان بکەین .". ( فەرهاد ٢٠٠٥ ، ل . 13 )

ریتم لە شیعری کلاسیکی ئەوروپیدا بەچاوی مۆسیقا تەماشا نەدەکرا , بەڵکو زیاتر وەك دەریایەکی عەرووزی وابوو . بەڵام رۆمانسیەکان هاتن ترپەی دڵ و دەنگی هەناسەی هەستەکانی خۆیان ترنجاندە ناو ئیقاعەوە . (( لە ساڵی 1886 دا بەیاننامەی سیمبولیستەکان هەرایەکی زۆری دروست کرد و بیری نوێخوازی بەرەو پێشەوە برد . لای هەندێ لە سیمبولیستەکان کێش و سەروا بە تەواوەتی تێکشکێنرا .بۆ یەکەم جار لای رامبۆ لە 1886 (شیعری ئازاد )هاتە ئاراوە هەر لەسەر دەستی سیمبولیستەکانیش بوو, (پەخشانە شیعر) هاتە ئاراوە . . )) . ( فەرهاد ٢٠٠٥ ، ل . ١٦)

بەم شێوەیە چەمکی نوێکردنەوە لە سەرەتادا رووناکبیرانی ئەوروپایی سەدەی رۆشنگەری و سەدەی نۆزدەهەم دروستیانکرد : لەسەردەستی رۆمانسیەکانەوە دەستی پێکردو پاشان وردە وردە لای پەرناس و سیمبولیستەکان پەرەی سەند . بەم پێیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپادا لەبواری نوێکردنەوەی شیعردا شیعری پەخشانیو شیعری سەربەستو شیعری سپیان وەك جێگرەوەی قاڵبی شیعری کۆن داهێنا کە لە دیارترین سیماکانی قۆناغەکەبوون، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەیە, کە جۆرە شیعرێك هاتە ئاراوە , داماڵرابوو لە کێشو سەروای تەقلیدیو بایەخی بە ریتم دەدا. کە مەبەست ((Free Verseە واتا شیعری سەربەست.

پرۆسە نوێخوازیەکەی ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە رێگەی ئەستەمبول ونووسەرە گەنجەکانی تورکیای عوسمانلییەوە کەوتە ناو فەرهەنگی میللەتانی ناو چوارچێوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و خەڵکانی دیکەی رۆژهەڵاتەوە ئینجا دواتریش ئێمەی کوردیشەوە . ( مارف ٢٠١٠ ، ل . ٣٧٩ ) . هەربۆیەش لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە , شێخ نووری بەکاریگەری ئەدەبی نوێی تورکی ( ئودەبای فەجری ئاتی ) هەوڵی نوێکردنەوەی شیعر دەدات . لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە رەوتی ئەم جۆرە لە نوێکردنەوەی چۆن رێچکەی گرتووەو سەری هەڵداوە؟ . لە لێکۆڵینەوەکەماندا ,بەسەر هەوڵەکانی دەچینەوە کە بۆ خۆیان هەنگاوێکی پڕ بایەخ بوون بۆ دیاریکردنی سیماو خەسڵەتی شیعری کوردی لە قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوە کە دەروازەیەکی تازەیان بە رووی شیعری کوردیدا کردەوە. کە دواتر "گۆران "هەنگاوی نوێگەریەکەی لەسەر بنیات دەنێت و لە ئاکامیشدا دەبێتە مۆدێلێکی باو کە باڵا بەسەر جوگرافیای شیعری کوردیدا دەکێشێ.

**نوێکردنەوە لە ئەدەبی تورکیدا**

لە ساڵی 1839 لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە دەستوری ( فرمان التنفيمات ) دەرچوو ، کە دواتر ئەدەبی تنفیماتی لێ دروست بوو.ئەم دەستووره کاریگەری هەبوو لەسەر باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، نوسەری ناوداری تورك ( ئیبراهیم شناسی ) ( 1826-1871ز) لە ساڵی 1860 ڕۆژنامەی ( ترجمان الاحوال ) ی دەرکرد، کە بۆ خۆی سیمای ڕێچکەیەکی نوێی ئەدەبی تورکی وەرگرتبوو ، هەریەك لە ( شناسی و ئەحمەد وەفیق پاشا و نامق کەمال و ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ) لە نووسەران و شاعیرە ناودارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بوون . ( یادگار ٢٠٠٥ ، ل. ٢٠٠ ) . دوا بەدوای ئەم هەوڵە ، چەند بزاڤ و ڕێچکەی ئەدەبی سەریان هەڵدا. بە تایبەتی ئەو بزاڤەی کە بە ( ثروت الفنون ) ناسران . کە کۆمەڵێك لاوی تورك ، بە ڕابەرایەتی ( ڕەجائی ئەکرەم زادە ) بڵاویان دەکردەوە , گرنگترین شاعیرانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە ( تۆفیق فیکرەت ، جەناب شەهابەدین ، حسێن سیرەت ، حسێن سوعاد ، عەلی ئەکرەم ، فایەق علی ، جەلال ساهیر ) ، کە ئامانجی سەرەکیان تێکدانی ئەدەبی (دیوان)ی کۆنی کلاسیکی و پابەند بوون بە ئەدەبی ڕۆژئاوایی و دەرچوون لە سیستمی قەسیدەو پابەند بوون بە یەکێتی بابەت بوو . ( محەمەد ٢٠١١ ، ل. ١٤ ) .بەو پێیەی شێخ نووری نوری کاریگەر بوو بە جەناب شەهابەدین کەواتە هەمان ئەو ئامانجانەی کە (سەروەت الفنون) هەوڵی هێنانەدی دەدا , شێخ نوریش ڕەنگیانی لە شیعری کوردیدا ڕشت .

لە سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنێکی گەورە لە گۆڕەپانی ئەدەبی تورکی سەری هەڵدا ، بە تایبەتی لە بواری شیعردا ، هەوڵی شاعیرەکان بریتی بوون لە بەتورك کردنی زاراوەکان و زمانی شیعری و بەکارهێنانی کێشی هیجائی تورکی ، لە جیاتی کێشی عەرووزی عەرەبی ، هەروەك لە ناوەرۆکیشدا زیاتر بەرەو هەستێکی نەتەوەیی چوون. گرنگترین ئەو بزاڤە ئەدەبییانەی کە لەماوەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا بریتی بوون لە :

بزاڤی ( فەجری ئاتی ) :کۆمەڵە گەنجێك بوون لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بوون و گروپێکی نەتەوەیی بوون . ئامانجی سەرەکییان ئەوەبوو کە دوربکەونەوە لە زمان وریزمانی عەرەبی و کێشی عەروزیی . دیارترین شاعیرانی بریتی بوون لە ( جەلال ساهیر ، ئەحمەد هاشم ، تەحسین ناهد ، ئەمین دولاند ، شەهابەدین سلێمان ...). ( هەڤاڵ ٢٠١٠ . ل. ١١٨ )

بزاڤی ئەدەبی نەتەوەیی : ئەم بزاڤەش لە ناو کۆمەڵێك لاوی تورکی و لە دوای ئینقلابی عوسمانیەکان لە ساڵی 1908 دا سەری هەڵداو ، تا مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی 1923 بەردەوام بوو. ئامانجی ئەم کۆمەڵە لاوە بریتی بوو لە :

1 - گەڕانەوە بۆ سەرچاوە نەتەوەییەکان و سوود وەرگرتن لێیان و ڕەت کردنەوەی کاریگەری دەرەوە.

2 - بایەخ دان بە مەسەلەکانی نیشتیمان و ژیانی تورکی و قۆستنەوەیان بۆ ناو بەرهەمە ئەدەبیەکان.

3- وازهێنانی لە کێشی عەروزی عەرەبی و گەڕانەوە بۆ کێشی هیجا ناودارتین شاعیرانی ئەم بزاڤەش بریتی بوون لە ( محمد عاكف ، یەحیا کەمال بەیاتلی ، محمد ئەمین یورداقول ، ڕەزا تۆفیق ، فاروق نافز و زیا گوك ئەلب ) کە لە ساڵی 1911 گۆڤاری ( گەنج قەلەملەر – قەلەمی لاوەکان ) یان لە شاری ( سلانیك ) دەردەکرد . ( یادگار ٢٠٠٥ ، ل. 21)

بزاڤی ئەدەبی کۆماری : لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی 1933 دا بانگەوازی لە دایك بوونی ئەدەبێکی تازە ڕاگەیەنرا ، کە تێکەڵ بوو لە ئیسلامییەتی ( محمد عاكف ) و تۆرانییەتی ( زیا گوك ) و ڕۆمانسیەتی ( یەحیا کەمال ) و ڕەمزییەتی ( ئەحمەد هاشم ) ، کە باڵیان بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری لە تورکیای تازە گرتبووەوە ، زمان ، شێوەی شیعر ، کێش ، هونەرەکانی ئەدەب ، ڕوونی ئامانجەکان . هەر لە ناو ئەم کەشەشدا (نازم حکمەت)ی شاعیری گەورەی تورك هەڵکەوت ، کە دەنگێکی تازەو شاعیرێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی ناو ئەو بزاڤە بوو و خاوەنی تەکنیکێکی تازە بوو لە شیعردا و پشتی بە کێشی هیجای تورکی و قاڵبی شیعری ئازاد دەبەست و لەم ڕووەوەش زیاتر کاریگەری بۆ دلێر و مایکۆفسکی لەسەر بوو . ( هەڤاڵ ٢٠١٠ . ل. ١٢٢) .

بەم پێیە گۆرانێکی بنەرەتی لە شیعری تورکیدا , لە دوای راگەیاندنی کۆمارییەوە , لە سەر دەستی نازم حیکمەت هاتە کایەوە. حیکمەت ناوەرۆکی لە پێوەندی فۆرم دەرهێناو ئەوەی بووە جێی بایەخی, ناوەرۆکە شیعریی و ئەدەبیەکان بوون نەك فۆرم .

لێرەوە روو لە نوێکردنەوەکەی باشووری کوردستان دەکەین و بە سەر ئەو هەوڵانەدا دەچینەوە, کە شێخ نوری وەك یەکەم شاعیر لە بواری نوێکردنەوەی شیعری کوردی دا داوێتی .هەر لێرەوە گومان لەوە ناکرێ ئەم پێوەندیەی شێخ نوری بە ئەدەبی تورکیەوە بۆتە زەمینەییەکی هونەری و ئەدەبی تا هەنگاوی ئەدەبی و شیعری لەسەر هەڵنێ و برەو جیهانبینینوێی ئەدەبی رابکێشێ .

**3. ڕێڕەوی نوێکردنەوە لە ئەدەبی کوردیدا**

وەك ئاشكرایە مەسەلەی نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا، پێشینەیەكی مێژوویی هەیە كە سەرەتاكانی دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، گومانی تێدانییە ئەم نوێكردنەوەیە لەلای كوردیش بە كاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، لەم نێوەندەشدا هەر دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕەگو ڕیشەی ئەو نوێكردنەوەیەی لای نووسەرانو شاعیرانی كورد لەو قۆناغەدا. لە سەرەتاوە ئەدەبی توركی هەڵقەی گەیاندنی پرۆسەی نوێكردنەوەكە بووە ,هەربۆیەش ئەدەبی نوێی توركی دەروازەیەكی گرنگ بوو بە ڕووی گۆرانكارییەكانیو چەمكەكانی نوێكردنەوەی ڕۆژئاوادا. لەم نێوەندەشدا لێكۆلەرانی كورد سەرەتای نوێكردنەوەی شیعر دەگەڕێننەوە بۆ "حاجی قادریی كۆیی" و "عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری", كەپێیان وایە ڕۆڵێكی گرنگیان لە تازەكردنەوەی شیعری كوردیدا هەبووە . (عیزەدین١٩٩٠ ، ل. ٥١ ) . حاجی ناوەرۆكێكی نوێ وجیاواز لە ناوەرۆكی شیعری كلاسیكی هێنایە كایەوە . كە لە رۆژنامەی ( تێگەیشتنی راستی) دا بەم شێوەیە ئاماژەی پێكراوە: "حاجی لە شاعیرە موجەدیدەكانی كوردە " شیعرەكانی لەگەڵ شیعری قودەمافەرقی زۆرە , هەر بەیتێكی عالەمی ئیجتماعیات و ئیسلاحە " . ( تێگەیشتنی راستی ١٩١٨ ، ل. ) .لەم ڕووەوە ( حمە صدیق عارف ) ڕای وایە كە شیعری كوردی لە دوای قوتابخانەی بابانەوە پێی ناوەتە ناو قۆناغی نوێبونەوەوە ، ئەم قۆناغەش بە ماوەی گواستنەوە ناو دەبات و ( حاجی قادری كۆیی ) بە یەكەم هەنگاوی ئەو گوێزانەوەیە دەزانێت . ( حسین ٢٠١١ ،ل. ٣٤١ ) .

كەس نكۆڵی لەو راستییە ناكات كە عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری بەر لە شاعیرانی باشوری كوردستان هەوڵی نوێكردنەوەی داوە لەم رووەوە بە پێشەنگ دادەنرێت . د.عیزەدین دەڵێ (( پێش ئەوەی كێشی پەنجە لە شیعری شێخ نوری و گۆران و پیرەمێرددا ببینین هەر لە شیعری بیر روناك و رابەرێكی وەك عەبدولرەحیم رەحمی هەكاریدا ئەم كێشە شیعرە دەبینین )) (١٩٩٠ ، ل. ٥١ ) . هەر سەبارەت بە رۆڵی عەبدولرەحیم ، د. فەرهاد دەڵێ (( ئەویش كۆمەڵێك داهێنان و گۆڕانكاری لە شیعرەكانیدا كردووە كە بە هۆیانەوە دەتوانین شاعیر بە یەكێك لە تازەكەرەوەكانی شیعری كوردی بزانین … یەكێك لە داهێنانەكانی گۆڕینی تۆبۆگرافیایی شیعرە , واتە گۆرینی بنەمای ستوونی بوونی شیعر ,ئەم هەوڵەی شاعیردەكرێ بە سەرەتایەكیش دابندرێت بۆ نزیكبوونەوەی لە شیعری ئازاد " ( فەرهاد ٢٠٠٥ ، ل . 65 ) . لێرەوە وردە وردە شیعری كوردی بەرەو قۆناغێكی جیاواز هەنگاوی دەنا. (( شاعیر بیست پارچە شیعری لە گۆڤاری ژین ١٩١٨- ١٩١٩ لە ئەستەمبول بڵاوكردۆتەوە، ئەم دیاردەیە ،،، دیاردەیەكی تازەیە و بۆ یەكەمین جارە لە مێژووی ئەدەبیاتی شیعری كوردیدا دەبینرێت …..)) ( فەرهاد ٢٠٠١ ، ل. ٤٤ ) . (( كەواتە ، لە رووی كرۆنیكەوە، یەكەمین نووگۆو یەكەمین پێشرەو بووە . )) ( فەرهاد ٢٠٠١ ، ل. ٤٤ )

د،محەمەد بەكر بەشێوەیەكی گشتی لەبارەی نوێكردنەوەی شیعری كوردی دەڵێ : (( لە ئەدەبی كوردیدا هەر لە پاش جەنگی یەكەمی جیهانی عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری و پاشان عەبدورەحمان بەگی نفوس و رەشید نەجیب و ئینجا شێخ نوری و گۆران هاتنە مەیدان …)) ( ١٩٩٩ ، ل. ٣١)

تێروانینێك باو و گشتی دەربارەی رێرەوی نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا ئەو تێروانینەیە كە بەلایەوە سەرەتای نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە دەست پێ دەكات كە بۆ خۆی بە سەردەمی پاشەكشێی رێبازی كلاسیكی و سەرهەڵدانی ڕێبازی رۆمانتیكی دادەنرێ . ( محەمەد ٢٠١١ ،ل. ٢١ ) لەم تێروانینەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە زۆربەی لێكۆڵەرانی كورد سەرەتای نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست . لەم لێكۆڵینەوەیەدا روو لە شێخ نوری دەكەین كە لە باشوری كوردستان هەوڵی نوێكردنەوەی داوە . ( رەفیق حیلمی ) دەڵێ : (( ئەوانەی كە ئیمڕۆ خۆیان بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری تازە ئەژمێرن ئەبێ بزانن كە یەكەم بەردی بناغەی قوتابخانەكەیان لە لایەن نوری شێخ صاڵحەوە دامەزرا )) . ( ١٩٥٦ ،ل. ٢٠٦ ) هەروەها( گۆران )یش لە 1950لە پێشەكی دیوانی ( بەهەشت ویادگار) دا ,و لەو چاوپێكەوتنەی ساڵی 1960 دا ،كە بیمار لەگەڵیدا سازی داوە ،ئەو راستیە دەخاتە روو , كە (شێخ نوری) سەرۆكی رێچكەی یەكەمی نوێخوازیەكەیە لە بواری نوێكردنەوەی شیعردا. ( عەبدرەزاق١٩٧٠ ،ل. ٣ ) ( عەلائەدین سەجادی) یش دەڵێ: ( شێخ نوری یەكێك بوە لە شاعیرە هەرەبەرزەكانی وڵاتی سلێمانی لە داهێنانی رێچكەی تازە لە شیعردا ) . (١٩٥٢ ،ل. ٦٠٠ )لێرەوەیە هەوڵدەدەین ئەو بۆچوونە بسەلمێنین كە شێخ نوری لە باشوری كوردستان ، لە نوێكردنەوەی شیعردا پێشەنگ بووە .

( محمد صدیق عارف ) بۆ نوێكردنەوەی شیعری كوردی, لە نیوەی سەدەی بیستەمدا, دوو هەنگاو دیاری دەكات ,كە جۆرێك لە تێكەڵی لە ساڵ و رۆڵی شاعیراندا دەكات . ( حوسێن ٢٠١١ ، ل . ٣٤١ )بە پێی ئەو رایە بێت (گۆران) لە چلەكان بەدواوە هەنگاوی بۆ نوێكردنەوەی شیعر ناوە ,چونكە بەلایەوە هەنگاوی دووەم تا شەری دووەمی جیهانی خایاندوە , هەروەها لە هیچ هەنگاوێكدا ناوی (شێخ نووری) نەهێناوە لەكاتێكدا هەرخۆی لەو باسەیدا كە دەربارەی( كامەران و هۆنراوەی نوێ )یە , دەڵێ : (( گۆران ی بلیمەت شۆرشێكی بەرپاكرد لە شیعری كوردیدا و بوو بە پێشەنگی شاعیرانی هۆنراوەی نوێ , هەرچەندە لە پێش ئەودا (شێخ نوری) لەم هونەرە تازەیەدا بەشدار بو )) ( حوسێن ٢٠١١ ، ل .٣٣٤) . ئەوەی جێی سەرنجە ئەویە ،نوسەر دانی بەو راستیەدا ناوە ،كە لە

پێش (گۆران )دا (شێخ نوری) بە شدار بووە , هەر ئەو راستیەش لای ئێمە ساغ بۆتەوە كە هەنگاوی یەكەمی نوێكردنەوەكە لە سەر دەستی (شێخ نوری) هاتۆتە كایەوە .هەروەها تێبینیەكی تر كە نوسەر باش رونی نەكردۆتەوە ئەوەیە كە پیرەمێرد ,لە ناوەراستی بیستەكانەوە هەوڵی نوێگەری داوە ناتوانری لە ( شێخ نوری و رەشید نەجیب و عەبدولرحمان بەگی نفوس ) ی دابرین .

(كاكەی فەللاح) پێیوایە (( لەو سەردەمەدا هەنگاوی یەكەمی گۆرین و بەرەو پێشەوەچون بەرەو شیعری توركەكان زیاتر بە كنەو تەقەلای ئەدەبی (شیخ نوری )دەدرێتە قەڵەم و ئەو دەركەوتوتر دەبینرا لە حەوتەوانەكە )) ( ١٩٨٠ ، ل. ٢٩ ) كەچی لە كاروانی نوێی شیعری كوردیەكەیدا ناوی (شێخ نوری ) وەك شاعیرێكی نوێخواز جێگای بۆ تەرخان نەكردووە ,بەڵام بە هەندێ سەرنج رای خۆی لەسەر (شێخ نوری) خستۆتە روو. ئەژی گۆرانیش دەڵێ:(( شێخ نوری یەكەم هەنگاوی ئەوە بوە ,كێشە عەروزییەكانی رەتكردۆتەوەو هیجای لە فۆلكلۆری كوردیەوە هێنایەوە كایەوە )) ( ١٩٨١ ،ل ٧٧. ) . (شێخ نوری) كێشی عەروزی رەتنەكردۆتەوە , بەڵكو تا كۆتای ژیانی وازی لە عەروز نەهێنا. لە كۆی 145 دەقی شیعری 131 شیعری بە كێشی عەروزی نوسیوە ,تەنها چواردە دەقی بە كێشی برگەیی ( خۆماڵی ) نوسیوە . د.ئازاد عەبدولواحێد پێیوایە (( مەسەلەی تازەكردنەوەی شیعری كوردی هەتا ئێستا لە سنورێكی تەسكی بێ ئەنجامدا دەسورێتەوە , هەندێك سەرئامەدی و دەست پێشخەرییەكە بۆ ( شێخ نوری ) و هەندێكی دیش بۆ (گۆران ) ی دەگەرێننەوە , بەڵام بە پێی بەڵگەی مێژوویی و لە میانەی شیعرو نوسینەكانی شاعیرانی قۆناغ ئەم ئەنجامانەی خوارەوە هەڵ دەهێنجرێن :شێخ نوری بەسەر ئامەد و دەسپێشخەری تازەكردنەوەی شیعری كوردی دادەنرێت)) ( ٢٠٠٦ ، ل. ٧ ). هەروەها فەهمی شوكری عەبدوڵلا لەبارەی رابەری شیعری نوێی كوردییەوە , دەڵێ : (( شێخ نوری لەم بەشەی كوردستاندا رۆڵێكی بەرچاوی بینیوە و لە پێش هەموو شاعیرەكانەوە دەستی داوەتە تازەكردنەوەی شیعری كوردی ...)). ( ٢٠٠٦ ، ل. ٥٩ ) .

یادگار رەسول باڵەكی لە لێكۆڵینەوەكەیدا ( سیماكانی تازەكردنەوەی شیعری كوردی 1898 – 1932 ) جیاواز لە لێكۆڵەرانی پێش خوی رۆڵی شێخ نوری وەك پێشەنگی رێچكەی یەكەمی نوێخوازییەكەی شیعری كوردی دیارنەخستوە , بەڵام باس لە ( رەحمی هەكاری و مستەفا شەوقی ) دەكات, وەك دوو شاعیری نوێخواز لە نێوان ساڵانی 1898 بۆ 1920 . كە دێتە سەر ساڵانی بیستەكانیش, ناوی كۆمەڵێك شاعیر دەهێنێت, كە شیعرەكانیان لەو ماوەیەدا لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا بڵاوكراوەتەوە. (یادگار ٢٠٠٥، ل. ٧٨ ) . لە كاتێكدا دەبوو بە تایبەتی باس لە رۆڵی ( شێخ نوری ) بكردایە, چونكە جگە لە رەفیق حیلمی و گۆران , كۆمەڵێك لە نوسەران و رەخنەگرانیش بە پێشەنگی نوێكردنەوەی شیعری كوردی دادەنێن لە باشوری كوردستان . بەڵام بە دیالێكتی كرمانجی باكور هەریەک لە ( عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری و كامەران بەدرخان و جگەر خوێن و قەدری جان ) رۆڵی دیارو گرنگیان لە نوێكردنەوەی شیعری كوردی دا گێراوە ، گۆران ئاماژە بە رۆڵی هەریەک لە كامەران بەدرخان قەدری جان دەكات كە لە هەستێكی نەتەوەییەوە هەڵبەستی هیجائیان دادەنا و لە گۆڤاری هاوار بڵاویان دەكردەوە .

حوسین غازی دەڵێ (( نابی ئەوە لە یاد بكەین كە شێخ نوری سەركردەو رابەری ئەم نوێكردنەوەیە بوو , جا چۆن بوە بەلای ئێمەوە گرنگ نیيە .. )) .( ٢٠٠٨ ، ل. ٦٩ ) . لە كاتێكدا لێكۆڵینەوەكەی لە بارەی نوێكردنەوەی شیعری كوردیە لە ساڵی 1932بۆ 1949 كە دەبو گرنگیەكی تایبەتی بە رۆڵی شێخ نوری بدایە كە پێش ساڵی سیەكان پێشەنگی نوێكردنەوەی شیعری كوردییە لە فۆرم و ناوەرۆكدا. د.هیمداد پێی وایە (( هۆكاری تازەكردنەوەی شیعری كوردی پێوەندی بە بزاڤی رزگاری نەتەوەی كوردەوە هەبوە , بۆیە ئەو قۆناغە وای دەخواست كە گۆڕان لە چەمكی شیعریشدا بێتە كایەوە وەك بەشداریكردنێك لەو پرۆسەیەدا )) .( ٢٠٠٧ ، ل. ٢٦٧ ) .

دەربارەی ئەم ڕۆڵەی ( شێخ نوری ) لە كردنەوەی رێچكەی یەكەمی نوێكردنەوەی لە شیعری كوردیدا دەگەرێنەوە بۆ تێروانینەكانی (د. دڵشاد عەلی), كە پاڵپشت بە وتەكانی گۆران خۆی كە لە پێشەكی بەهەشت و یادگاردا دەربارەی شیعرەكانی خستویتە روو ئەم راستیانەمان بۆ دەخاتە روو : ((1 - بەرهەمە كۆنەكان دوو جۆرن : ئەوانەی لاسایی شیعری كلاسیكی كوردیان كردۆتەوە و ئەوانەشی كە لاسایی رێرەوەكەی شێخ نوری یان كردۆتەوە .2- رێچكە شیعرییەكەی (شێخ نوری) و هاورێیەكانی تەنها دەساڵێك كراوە بووە كە ساڵانی نێوان (1920-1930) بووە .)) ( ٢٠٠٥ ، ل. ٤٦ ) .

بەم پێیە یەكەم ڕێچكەی نوێكردنەوەی شیعر لە باشوری كوردستاندا ئەو ڕێچكەیە بووە، كە بە كاریگەر بوون بە ئەدەبی توركییەوە لەلایەن ( شێخ نوری شێخ صالح )ەوە لە ماوەی ساڵانی (1920-1930) دا كرایەوەو ( گۆران )یش لەو ماوەیەدا پەیرەوی كردوە .

**شێخ نوری دارێژەری رێچكەی نوێكردنەوە لە شیعری كوردیدا (بەدیالێكتی كرمانجی خواروو )**

بۆ چوونە ناو باسەكەمانەوە راستەوخۆ بە وتەیەكی رەفیق حیلمی یەوە دەست پێ دەكەین كە لە ساڵی 1950دا نووسیوێتی و دەڵێ: (( یەكێكە لە شاعیرە بەرزە نیشتمان پەروەرەكانی ئەو دەورە . لە وەزن وقافیە و شێوەو ئاهەنگا رێگەییكی تازەی داناوە بۆ شیعری

کوردی, لەبەر ئەمە سەردەمێك ( شیخ نووری ) سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی کوردی ناوچەی سولەیمانی بوە , و زۆریان تەنانەت ( گۆران ) یش هەوڵی لاسایی کردنەوەی ( شێخ نووری ) یان ئەدا)) . ( لەم وتانەی ڕەفیق حیلمیەوە ئەم ڕاستیانە دەخەینە بەردەست 1- شێخ نووری لە کێش و سەرواو شێوازو ئاوازدا داهێنانێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە لەگەل شیعری کلاسیکیدا جیاواز بوو بەڵام هێشتا کێشی عەرووزی عەرەبی پەیرەودەکرێت . 2- سەردەمێك سەرکردەی شاعیرە لاوەکانی سلێمانی بووە 3- گۆران و زۆربەی شاعیرانی سەردەمەکە پەیرەوکەری ڕێچکە نوێیەکەی شێخ نووری بوون .گۆران خۆیشی نکۆلی لەو ڕاستیە ناکات کە ماوەیەك پەیرەوی ڕێچکەکەی شێخ نوری وهاوڕێکانی کردوە. ڕەفیق حیلمی ڕوونی نەکردۆتەوە کە ئەو ڕێگا تازەیە چیە کە لە کێش و سەروا و شێوەدا هێناوێتە کایەوە هەروەها ماوەکەیشی دیاری نەکردوە, بەڵام ووشەی سەردەم بۆ زیاتر لە دەساڵ بەکاردێت , هەروەك گۆران لە پێشەکەی دیوانەکەیدا ئەو سەردەمەی سنووردار کردووە کە ساڵانی 1920 بۆ 1930 شێخ نووری سەرکردەی نوێکردنەوەکە بووە . (( شێخ نوری یەکێکە لە پێشەنگەکانی بزوتنەوەی شیعری تازەی کوردی و جێ پەنجەی بەسەرەتای بزوتنەوەکەوە دیارە )) . (کوێستان ٢٠٠٤ ، ل. ٣)

لە بارەی ڕۆڵی (شێخ نووری) لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی دا و لە سەروبەندی باڵادەستی و برەوی شیعری کلاسیکی کوردیدا , دەگەڕێنەوە بۆ وتارەکەی (شێخ نوری ) کە لە (1926) لە ڕۆژنامەی ( ژیان ) دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم وتارە کەرەستەیەکی پڕ لە زانیاری بەکەڵکە بۆ یەکالَلاکردنەوەی کۆمەڵێك بابەتی گرنگی بواری نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، لەم لایەنەشەوە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیاری بایەخداری داوەتەوە۔ کە دەکرێ ئێمە هەندێ لەو ئاکامو بۆچوونانەی گەڵاڵەی کردوون بۆ بواری نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر وەك بەردی بناغەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لێی بڕوانین، لەسەرەتاشدا شێخ نوری لە وتارەکەیدا لەپاش پێناسەکردنی ئەدەب دێتە سەر پێناسەکردنی شیعرو دەڵێ :( لە ئاپاری ادبیەدا بەو خاصەیە کە حرکت روحیە و هیجائی بد یعی حاصل ئەکا وئەلین شعر مسلا ئەڵێن لەم ئەپرە دا شعر یا (شعرییتی) تیایە یعنی لەم کتێبەدا خاصەیەکی مهیمە هەیە) . ( شێخ نوری 1926، ل. 7 ) د.کامیل زانستانە ئەم پێناسەیەی شیکردۆتەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەنجە لەسەر ڕاستییەکی گرنگ دادەنێو پێی وایە کە شێخ نوری لەسەر ڕێچکەی ڕەخنەگرانی وەکو ئەرستۆو قدامە کوڕی جەعفەر نەڕۆیشتووە، بەڵکو بە تێڕوانینێکی نوێ خۆی لەوان جیادەکاتەوە کە لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوەو بەجۆرێکی ڕەسەن لە سروشتی هۆنراوە تێگەیشتووە بەوەی کە تایبەتی کێشو سەروا لەم هۆنراوەدا بە شتێکی ڕووکەش لەقەڵەم داوە. ( ١٩٨٠ ،ل، ٢٥) . ناتوانرێ بڵێین شێخ نوری لەم تێڕوانینە نوێیەیدا دەربارەی کێشو سەروا لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو دوو ڕەگەزەی شیعر وەك دوو بنەمای بنچینەیی پێکهاتەی دەقی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، تا ئەو سەردەمەو دواتریش هێشتا سەرچاوەی بنیاتی ئاوازەیی شیعری کوردی بوون. لەبەرئەوە پێمان وایە ئەم تێڕوانینە نوێیەی لە ئەدەبی ڕۆژئاواوە گەڵاڵە کردووە، بەڵام گەڵاڵەبوونی ئەم تێڕوانینە نوێیەی بۆ کێشو سەروا بۆخۆی هەنگاوێکی بوێرانەیە لە بواری نوێکردنەوەدا کە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بنەمایەکی داهێنراوی شاعیرانی قۆناغە نوێکردنەوەکە بوون لەهەمان کاتیشدا سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست بوو.

بیری نوێخوازی شێخ نوری لە وتارەکەیدا باسکردنی جۆرەکانی کێشو سەرواو سروشتو سەرچاوەکانیانە بەپێی تێڕوانینێکی نوێو جیاواز لەو تێڕوانیانە کە پێشتر بۆ سەردەمانێکی درێژ خۆی سەپاندبوو بەسەر چەمکی شیعردا. هەروەك د.کامل بەسیر دەڵێ "شێخ نوری بە پوختی ڕێگای بۆ ئەو ئاکامانە تەخت کردووەو پەنجەی خستۆتە سەر سەرچاوەی کێشو سەروا کە هەستو نەستی وێژەرەو سەرنجی بۆ سروشتی ئاهەنگ هۆنراوە ڕاکێشاوە کە جوانیە" . ( ١٩٨٠ ، ل. ٦٨ ) .

شێخ نوری دەڵێ :"ماهیت حقیقەی وزنو قافیە ئاهنگە... ئەگەر فکرێکی جوان بە تەرزیکی ئاهنگدار بیان وئیفادە بکەین لە روحی قارئین یاخود سامعین دا دوو نوع تاپیر حاصل ئەکا، اویتریشیان ئیفادەی او فکرەیە کە چند کلیمەیکی موزونو قافیەدارو اهنگدار بیانی ئەکین کە ئەمەیان عیناً وەکو موسیقی لە روحی او سامعەدا تاپیریکی بدیعی حاصل ئەکا" . ( ١٩٢٦ ، ل. ٧) .لێرەدا شێخ نوری باس لە ڕەگەزێکی نوێ دەکات ئەویش ریتمە کە بەهۆی فکرەیەکی جوانو وشەی ئاهەنگدارەوە دروست دەبێ مەسەلەی (وضوح) وەك خواستێکی نوێخوازی لە شیعردا بەلای شێخ نورییەوە مەبەست لێی ((ئەفکارو حیات لە سەهلی تێگەیاندنە)).. کە قەصد لە نوسین ئەوەیە ئەو ئەفکارەی کە لە دەماغمانا حاصل ئەبێ بە شخص اخر ئیفهامی بکەین)). ( ١٩٢٦ ، ل. ٧ ) مەسەلەی ڕوونی لە ناوەڕۆکی شیعری کۆندا بەدەست ناهێنرێ هەربۆیە بەلایەوە ڕووکردنە شیعری ڕوونو ئاشکرا پەیوەندی بە نوێخوازییەوە هەیە کە زیاتر لەو دەقانەدا بەدەست دەهێنرێ کە بۆ گەل دەنووسرێن. لێرەشەوە شێخ نوری لەنێوان هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ گەل دووەمیان پەسەند دەکات. لەم لایەنەشەوە د.کامیل بەسیر دەڵێ (شێخ نوری بەو تێڕوانینەی لەبارەی (وضوح) لە شیعردا بەشدار بابەتێکی ڕەخنەسازی دەکات کە لەشێوەی پرسیارێکدا بەرپاکراوە: ئایا وێژەر بۆ میللەت دەنووسێت یان دەبارەی میللەت بەرهەمەکانی ئەنجام دەدات؟) . (١٩٨٠، ل.٦٩)

ئەم مەسەلەی ئاسانیو ڕوونییە لە شیعردا لای ڕۆژئاوا جێی بایەخ بوو، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا مەسەلەی دەربڕینی ئاڵۆزو ڕستەی تێکەڵو دارشتنی لێڵ لە شێوازی ڕەمزدا باڵی بەسەر جیهانە شیعریەکەی ئەو قۆناغەدا کێشابوو، بەڵام لەگەڵ بانگەشەکردنی شاعیرانی نوێخواز بۆ نوێکردنەوە لە شیعردا مەسەلەی لێڵیو تەمومژیش بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، لەگەڵ هەڵکردنی بەیداخی نوێکردنەوەی کە بانگەشەی ڕوونیو بێگەردیو بێ لێڵیو شێوازی دەربڕینیان دا، ئیتر ئاسانیو ڕوونی وەکو سیمایەکی دیاری شیعری ڕۆژئاوا لەناو شیعری نوێدا پەرەی سەند.

لێرەدا ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە شێخ نوری ئاگاداری ڕەوتی نوێکردنەوەی ئەوروپی بووە ئەم بۆچوونەشی لەوانەوە وەرگرتووە. بەم پێیە شێخ نوری وەك یەكەم بناغە دارێژەری نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا توانیویەتی بۆچوونەکانی لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا بخاتەڕوو کە بنەماکانی ئەم نوێخوازیەشی لە سەرچاوە ڕەسەنو خۆماڵییەکەی ئەدەبیاتی کوردیمانەوە دارشتووە. تاقیکرنەوەی شیعری شێخ نوری پێش وتارەکەی ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ئەو وتارەکەیەتی ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە ڕێگەی ئەدەبیاتی تورکییەوە پێشتر بە ئەزموونی گەلانی تریشی بەستەوەو ئاگاداری گۆرانکاریو چەمکەکانی نوێکردنەوەی ڕۆژئاوا بووە، لەم بوارەشدا تێڕوانینەکانی ئاسۆیەکی فراوانیان لەبەردەم شاعیرانو لێکۆڵەرانی کوردستان کردەوە کە هەنگاو بەرەو نوێکردنەوەی بنێن. بۆیە دوو دیاردەی گرنگ لە دوای وتارەکەی شێخ نوریەوە سەری هەڵدا کە ڕێچکەی دووەمی نوێکردنەوەی شیعر بە ڕابەرایەتی گۆران لە 1932 بەدواوە و وتارە پڕ بایەخەکەی برام ئەحمەد بوون .

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا جیاواز لە لێکۆڵینەوەکانی تر دەخرێتە ڕوو جێگای سەرنجە , ئەوەیە کە کە تائێستا هیچ لێکۆڵەرێك پەی بەوە نەبردووە کە گۆران دوو تێروانینی جیاوازی لە دوو کاتی جیاوازدا لە بارەی شێخ نوری و خۆیەوە خستۆتە ڕوو,چونکە لە یەکەم رایدا ساڵی1952 لە ( بەهەشت و یادگار )دا خستویەتێ ڕوو ئاماژە بەوە دەکات, کە خۆی لە سەردەمێکی سنووردراردا 1920- 1930 لاسایی" م.نووری "و هاورێکانی کردۆتەوە کە بە گاریگەری ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانی شێوازێکیتازەیان بۆ شیعری کوردی هێنابوویە کایەوە کە جیاواز بوو لە شیعری کلاسیکی .ئەم رایە دروستە و هیچ گومانێکی لێناکرێ.بەڵام لە رای دووەمیدا کە لە ساڵی 1961دا لە چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ عبدالرەزاق بیماردا خستویەتی ڕوو دەڵێ : (( نوسەر و شاعیرانی ئەوسا بە تایبەتی شێخ نوری و رەشید نەجیب و من کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئسیر بوین و پێکەوە ئەمان نوسی ، بەڵام تەنها شێخ نوری شیعرەکانی بڵاوئەکردەوە و من بڵاوم نە ئەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نەشاتی دەرئەکەوت ، وە ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا بوو بوو کە پێیان ئەوترا ( ئودەبای فەجری ئاتی ) لەوان ( توفیق فکرەت) و ( جەلال ساهر ) بوون ...وە ئەدیبێکی تری تورك کە ( عبدالحق حامد )ە ئەگەر چی لەم کۆمەڵە نەبوو ، بەڵام دیسان هەرپێی موتەئسیر بوین ، کەوابێ هەمووومان بە یەکەوە ئەمان روانییە یەك کڵاو ڕۆژنە ، بەڵام ئەتوانرێ بە شێخ نوری بوترێ سەرۆك بە هۆی : زۆری بەرهەمی ، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکی کە بێگومان تەئسیری ئەبەخشیە سەر ئەدەبی کوردی )) ( ١٩٧٠ ، ل. ٣ ) .

ئەم جیاوازیە لە رای گۆراندا دوای تێپەربوونی یانزە ساڵ بەسەر رای یەکەمیدا ئەوە دەردەخات کە گومان لە ناوەرۆکی چاوپێکەوتنەکە بکەین بە تایبەتیش دوای تێپەربوونی دەساڵ بەسەریدا ئینجا بڵاوکراوەتەوە هەرچەندە لە رای دووەمیدا شێخ نووری بە سەرۆك دادەنێت . بەڵام ئەگەر گومان نەکەین و رایەکە بە رای راستەقینەی گۆران بزانین , ئەوە ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە گۆران خۆی دەخاتە پاڵ ئەم ڕێچکەیە و هاوشانی ئەوان خۆی وەك دارێژەرانی قۆناغی یەکەمی ڕێچکەکە پیشان دەدات , لە کاتێکدا هەرلەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژە بەو راستییە دەکات, کە شێخ نوری بە سەرۆکی نوێکردنەوەی شیعری قۆناغەکە دادەنێت .سەرەرای ئەوەش رەفیق حیلمی دەڵێ : ((شیعر دانانی راستەقینەی گۆران دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 1928 -1929 .)) (1988،ل. ) ، کەلە ساڵانی سییەکان بەدواوە شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە, کە زیاتر لە هەشت ساڵ بوو ڕێچکەکەی شێخ نوری کرابوویەوە لەو ماوەیەدا گۆران شیعری نەبووە تا بڵاوی بکاتەوە .

لە تێروانینی یەکەمیدا خۆی لە دەرەوەی ئەو ڕێچکەیەدا دەبینێتەوە کە شێخ نوری سەرۆکایەتی دەکرد ,کە خۆی وەك پەیرەوکەری شێخ نوری و هاورێیەکانی پیشان دەدات . لە تێروانینی دووەمدا گۆران خۆی لە ناو ئەو ڕێچکەیەدا دەبینێتەوە وخۆی وەك یەکێك لە پێشەنگەکانی ڕێچکەی یەکەمی نوێکردنەوە پیشانداوە .

**سیماکانی شیعری شێخ نوری لە فۆرم و ناوەرۆکدا:**

**نوێکردنەوە لە فۆرمی شیعردا :**

ساڵەکانی نێوان 1920- 1930 ماوەی تاقیکردنەوەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بوو کە سیمای نوێخوازی قۆناغەکەی لە خۆیدا هەڵگرتبوو لە سەرەتاوە کێشی ئەم شیعرە نوێیانە هەر کێشی عەروزی عەرەبی بوو.(( شیعری ڕۆمانتیکی تەنها لە قاڵبی کێشی پەنجەییدا نەبوە ,

بەڵکو لەگەڵ ئەم کێشەشەدا دا وەك شیعری ئەوروپایی سەربەستانە شاعیران کێش وسەروایان بۆ گەیاندنی بیرەکانیان بەکارهێناوە .)) ( هەڤاڵ ٢٠١٢ ،ل. ٢٧١ ) . کە گۆران سیماکانی بەم شێوە دیاری کردووە :

1- یەکێتی بابەتیان هێنایە کایەوە, چونکە خەیاڵ و هەست و درککردن یەکێتیەکە پێوەندی لۆجیکی لە نێوان دیرە شیعرییەکاندا بەهێز دەکا .

2- تەرتیبی قافیەکان گۆڕان

3- ئەگەر چی شیعر هەر لەسەر عەرووزی عەرەبی هۆنراوەتەوە لەم سەردەمەدا , بەڵام (مەجزوئیات)ی عەروزیان وەرئەگرت . ... ئەم تازەکردنەوەیە بە(تەقلید) کردنی ئەدەبی تورك روویدا . ( عەبدولرەزاق ١٩٧٠ ،ل. ٣ ) . شێخ نوری سەرئامەدانی ئەم رێبازە نوێیە بوو خۆی لەم شیعرەدا ،کە لە ساڵی 1921 لە رۆژنامەی پێشکەوتن بڵاوکراوەتەوە دەڵێت :

**سبحەینی ئەم تەجەدودە بۆتۆیە ئەی شباب**

**بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن , خادیمی حەیات** ( ئازاد ، 2008ل. ٣٧٥ )

شەقلی هەرە دیاری رێچکە (تازە)کەی شێخ نوری کە جیای دەکاتەوە لە رێچکە کلاسیکە ( کۆن)ەکە , هێنانە کایەوەی زمانی کوردی پەتی وناوەرۆکی نوێ و یەکێتی بابەت و گۆرینی قافیە و بەکارهێنانی جوت سەرواو کەم کەمیش کێشی برگەیی بووە . بێ گومان ئەمیش لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششە ئەدەبییەیە بێ وچانە بوو, کە شێخ نوری داویەتی لە پێناوی سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە تازەیە, چونکە شێخ نوری , وەك رەفیق حیلمی دەڵێ : (( لاسایی کەرەوە نییە بەڵکو داهێنەرە )) ( رەفیق ١٩٨٨ ،ل. ) .لەم بارەیەوە د. مارف رای خۆی دەردەبرێت و دەڵێ : (( راستی داهێنانی نوری لە روخساردا دەردەکەویت بەتایبەتی کێش و قافیە مەشقیکی گرنگ بوو بۆی. چاکسازی تیدا کردوە و بووە بە قاڵبێك ناوەرۆکی تازەی تیدا دارشتووە . شاعیر ئەو توانا هونەرییەی هەبوو دیاردەی پێچەوانەی یەکتری لە سیفەتەکانی شیعری کۆن و نوێ کۆبکاتەوە و تیکەڵی یەکتریان بکا شتێکی تازە دابنێ . واتە توانای ئەوەی هەبوو پاریزگاری شتە کۆنە رەسەنەکان و شتە تازە داهێنراوەکانی خۆی بکا . لەمانە ئەوەی دروست کرد وەك بەرهەمێکی داهێنراوی رەسەن چووە ناو ئەدەبی کوردییەوە )) . ( مارف ٢٠١٠،ل. ٣٧٩ ) . بۆ نمونە (موستەزاد ) جۆرێکە لەو هەوڵی دەستکاریانە ,کە شێخ نوری لە شیعری ( عەسکەر ) دا لە سالی 1922 لە گۆڤاری رۆژی کوردستان دا بڵاویکردۆتەوە . کە لەسەر کێشی موزاریعە و بریتییە لە هەشت پارچە و هەر پارچەیەکی لە چوار نیوە دیر پێك هاتوە لەگەڵ نیوە دێرێکی موستەزاد بەهەمان پاشبەند : ( عەبدورەزاق ١٩٩٢،ل. ١٤٩ ) .

**سەف سەف کە دێن و تێئەپەرن چست و باویقار**

**مازی لە سیدقی ئێوە , ئەبینم ئەکا فیرار** ( ئازاد ، 2008ل. ٣٧٥ )

هەندێ لە هەنگاوەکانی شێخ نوری کە بە ئاراستی رێچکە نوێیەکە ناوێتی :

1- (( لە کێشی خوماڵیە سیلابیەکاندا هەموویانی بەکارهێناوە.

2- شیعری جووت قافیە ( مەسنەوی ) لە بەرهەمیدا زۆرە.

3- لەو جۆرە شیعرانەی کە بە کێشی خۆماڵی نووسراوە بە پێی دەستوری رەچاوکراو پێویستە قافیە مەسنەوی بێت , بەڵام یەکێتی قافیەی عەرووزی عەرەبی تێدا بەکارهاتووە ئەمەش یەکێکە لە نوێگەرییەکانی شاعیر . تێکشکاندنی ( یەکێتی بەیت ) بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی (شێخ نوری ) هاتە کایەوە .شاعیر هەر زوو بە کردەوە کێشی پەنجە هیجای خۆماڵی لە شیعر نووسیندا بەکار هێناوە . یەکەم شاعیریشە تەنزیراتی لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە پێشکەش کردبێت.. )) . ( فەرهاد ،٢٠٠٥ ،ل. ١٠٠ ) . ئەم شیعرەی بە کێشی برگەیی (5+5 ) نوسیوە .

**بولبول فیداتم**

**حەیرانی سۆزو دەنگ و سەداتم**

**قوربانی وورشەی باڵی خێراتم**

**فیدای زانیاری و مێشکی وریاتم** ( ئازاد ، 2008ل. ٣٧٥ )

لە لیریکێکی رۆمانتیکیانەیدا بە ناوی ( گریەی خوسرەو) لوتکەی نوێخوازیەکەی دەخاتە روو :

**بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری**

**مرد له رۆحی منا هەموو ئامال**

**بیخودانه كفن بوش ملال**

**ئەگەرێسەرسەری پەری خەیال** ( ئازاد ، 2008ل. ٣٧٥ )

شێخ نوری لەو وتارەیدا, كە بەناوی ( لە شێوازدا شەخسییەت ) ,ئەوەمان بۆ روندەكاتەوە, كە لە شیوازی كەڵە شاعیرانی كلاسیكی كوردی پێش خۆی وردبۆتەوە. گەیشتۆتە ئەو راستییەی, كە هەموو داهێنەرێك پێویستە شێوازی خۆی هەبێت , بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە دوای شێوازی خۆیدا گەراوە . ئەم لێكۆلینەوەیەشی بۆ ئەوە بووە, كە ئەو شێوازەی بۆ خۆی دەیچنێ , لە هی كەسیان نەچێت و نەبێتە لاساییكەرەوەیان . رەفیق حیلمی دەڵێ :(( نوری لە هەموو شوعەرای كورداندا وردی فیكرو ئیجادی شاعیری شەهیر مەولەوی زۆر پەسەند دەكات .. لاسایكەرەوەش نییە) .( رەفیق ١٩٨٨ ، ل. )

سەبارەت بە گرنگترین رەگەزی بنیاتی پێكهاتی شیعر ,كە ( زمان )ە, لە سەردەستی شیخ نوری, گۆرانێكی سەرەكی بەسەرداهات و لە وشەی بێگانە پاكی كردەوە .((شاعیرانی نوێ پشتیان لە زمانە تێكەڵەكەی شیعری كلاسیكی كردو رویان كردە بەكارهێنانی زمانی كوردی پەتی )) ( معروف ،١٩٥٢ ،ل.١ ) . هەروەها د. عیزەدین مسەفاش هۆی گۆڕانی زمانی شیعری كوردی لە زمانە تێكەڵەكەوە بۆ كوردییە پەتییەكە لە بزاڤی نوێكردنەوەی شیعری كوردیدا بە بەرژەوەندی هەستی نەتەوایەتی شاعیرانی كورد دەبەستیتەوە و لەم روەوە رۆڵی (پیرەمێرد و گۆران ) لە داهێنانی ئەو زمانە شیعریە دا دیاری دەكات . لەكاتێكدا شێخ نوری, لە 1920 دا, بە شیعری ( گا و جوت شتێكی باشە ) بۆ نوسینی كوردی پەتی خەڵاتی یەكەمی رۆژنامەی پێشكەوتن وەردەگرێت .

**لە باسی هەرشتێ پیا راگەیشتین ئێمە نوسیمان**

**ئێتر با بێنەوە سەر باسی جوتیاری و زەوی كێڵان**

**لە پایزدا خەریكی جوت و تۆ وچاندن ئەبێ تا سەر**

**لە ماڵی خۆت ئەنوویت و بێ عەزیەت ئاوی ئەدا باران** ( ئازاد ، 2008ل.583)

بەم پێیە دەقی ( گا و جوت شتێكی باشە ) كە لە ساڵی ١٩٢٠ بڵاوبۆتەوە بە یەكەم هەوڵ دادەنرێت بۆ نوسینی كوردی پەتی . نەك دەقی ( چارەنوسی ئادەمیزاد ), كە لە چلەكاندا نوسراوە, بكرێتە بناغەی نوێخوازیەكەی شێخ نوری , وەك (د. پەرێز سابیر) رای وایە (( كە شێخ نوری بەو شیعرەی دەبێتە بناغە دارێژەری نوێخوازی و روكردنە زمانی كوردی پەتی .)) ( پەرێز ٢٠٠٦ ، ل. 304 ).

كەواتە یەكێك لە سیما دیارەكانی نوێخوازێكە, بریتی بوو لە هێنانەكایەوەی زمانی كوردی پەتی , كە جێگای زمانی شیعری كلاسیكی گرتەوە (( زمانی شیعرلە وشەی بێگانە دوور دەخرێتەوە , وشەی تازەی كوردی دروست دەكرێ , یا دەدۆزرێتەوە , بە شێوەیەكی فراوان لێكسیكۆنی كوردی و تەعبیری كوردی خۆماڵی لە شیعری كوردیدا بەكاردەهێنرێ )) ( مارف ٢٠١٠ ،ل.36 ). ( گۆران )ی شاعیرو رەخنەگر ,كۆنی و تازەیی شیعر ,بە زمان و وشەی شیعری كوردی پەتی دەپێوێ ,چونكە , ئاستی داهێنانی شاعیرو نوێخوازییەكەی بە زمانە شیعرییەكەی دەپێورێت . هەروەها بۆ تێروانینی شاعیرانی نوێخواز بۆ ئەركی شیعر و بەستنەوەی بە گەیاندنی پەیامێكەوە كە ئەمەش پێویستی بەوە دەكرد شاعیر بە زمانێكی نزیك لە زمانی تێگەیشتنی خەڵك شیعر بڵێت .چونكە یەكێك لە سیما گرنگەكانی شیعری نوێ, بریتی بوو لە نزیك بونەوە لە زمانی قسەكردنی خەڵك, وەك سەرچاوەیەك بۆ دروستبونی ئەو شێوازە سادەیەی شاعیر بە دوایدا دەگەڕا بۆ دەربرینی ناوەرۆكە تازەكە و گەیاندنی بە زۆرترین خەڵك . بەم پێیە سیمایەكی دیاری زمانە شیعریە نوێیەكە لەسەر دەستی شیخ نوری هاتە كایەوە, كە بریتی بو لەوەی, كە تەم و مژو ئالۆزی نابینرێ و وشەكان بۆ واتای خۆیان بەكاردەهێنرێن و وێنەی نوێیان لێ دروست دەكرێ .

لە روی كێش و قافیەوە, شیعری نوێ لەوە دوركەوتەوە خۆی بە یەكێتی كێش و قافیە ببەستێتەوە . بەڵكو روی كردە جۆرە بەكارهێنانێكی تازەی جیا لە پەیرەوە كۆنەكە . گۆرانكاری لە كێشی عەرووزی وهێنانە ناوەوەی كێشی خۆماڵی كەم كەم , بنەمای بنچینەیی خاڵی وەرچەرخانی نوێگەرییە لە شیعری كوردیدا . پەیرەوكردنی كێشی خۆماڵی كە هەندێ جار بە سەربەخۆیی و هەندێ جاریش بە تێكەڵی لەگەڵ كێشی عەرووزیدا ئەو گۆرانكایە نوێیەبوو كە شێخ نوری لە شیعری ( دلاوەران ) دا نەخشاندی . چونكە تێكەڵكردنی هەردوو كێشی عەروزی و خۆماڵی لە شیعری ( دلاوەران) دا شتێكی تازەیە ( عیزەدین ١٩٩٠ ل. ١١٧ ). لەمبارەیەوە (ئەحمەد هەردی) دەڵێت : شیعری دلاوەران لە چەند بەشێك یا چەند كۆپلەیەك پێكهاتوە , كە هەریەكەیان بە دوو بەیتی عەروزی

دەست پێدەکات و بەشی بەیتی هیجائی کۆتایی دێت .. بە کورتی بە کوردی تێکەڵکردنی کێشی عەروزی و کێشی هیجائی لە شیعری دلاوەران دا شتێکی تازەیە لە پێش شێخ نوری و هاورێکانیدا , هیچ شاعیرێك هەنگاوی وای نەناوە )) ( دڵشاد ١٩٩٨ ، ل. ١٣٠ ) . شێخ نوری لە وتارەکەیدا نوسیوێتی (( لە زبانی کوردیشدا ئێستاش هەرچەندە لازم بو کە زەرفی ئەم وەزنە ریعایەت بکرایە , بەڵام شاعیرەکانمان وەزنی هیجائیان تەرك و وەزنی عەروزییان ئیستعمال کردوە )) ( نوری ١٩٢٦ ،ل. ٥ ) . کەواتە تا ساڵانی بیستەکان , شاعیران بەکەمی رویان لە کێشی برگەیی کردوە .هەتا گۆران دێت و لە دوای ساڵانی سیەکانەوە , ئەو رێچکە نوێیە لە بەردەم شاعیراندا دەکاتەوە . (( شێخ نوری ناوبەناو شیعری بە کێشی ( هیجا ) یش نووسیوە بەڵام راستییەکەی شێخ نوری شیعری بە کێشی ( هیجا ) کەمە .چونکە نەیتوانیوە خۆی بەشێوەیەکی یەکجارەکی لە کارتێکردنی مۆسیقای شیعری کلاسیکی رزگار بکات )) ( ئازاد ،ل. ١٨٨ )

ئەمە رای رەفیق حیلمی و سجادی )یشە کە شاعیر سەرەرای ئەوەی بە شیعر دژی کۆتەکانی کلاسیك دەبێتەوە , بەڵام هەر نەیتوانیوە بەتەواوی دەسبەرداری کێش و سەروا بێت , هەروەك لە وتارەکەیشیدا شێخ نوری ,هانی شاعیران نادات بۆ پەیرەو کردنی کێشی خۆماڵی .بەڵام یەکەم هەنگاوی گۆرانکاری لە کێشی عەروزیدا لە سەردەستی شێخ نوری هاتە کایەوە , هەروەك گۆران ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ :(( مەجزوئەکانی بەحری عەروزیان وەردەگرت )) .( عبدالرزاق ١٩٧٠ل. ٣ ) . (( شیعرەکانی شێخ نوری لە کۆی (110) دانە شیعر ( 89 % ) ی عەروزین و ( 11 %) ناعەروزین )) ( محەمەد ١٩٩٨ ، ل. ٦ )

شێخ نوری بە هۆی بەکارهێنانی چەند کێش و قافیەییەکی هەمەجۆر و رەنگاورەنگ بە تەواوی پشتی لە کێشەی عەروزی و یەکێتی قافیە کردوە و لە شیعریدا بەکاری نەهێناوەن نمونەیەکی جوان بۆ ئەم جۆرە شیعرە, لیریکی (( پەپولە )) یە ,کە بە کێشی خۆماڵی حەوت برگەیی نوسیوێتی :

**خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ ؟**
**وا خۆت ئەکەی رەنجەرۆ ؟**
**پەپولەی بال هەلوەریو !**
**بە تیشکی گڕ دارزیو** **( ئازاد ، ٢٠٠٨ ل. ٥٦٥ )**

گۆرانکاری لە سەروای شیعری و بایەخدان بە جووت قافیە وگۆرینی قافیەی یەکگرتوو, بە قافیەی جیاواز لە سیما دیارەکانی شیعری شێخ نوری بوو.((سەرەتای نوێکردنەوەی قافیەی شیعر لە خۆدورخستنەوە لە یەکێتی قافیە بۆ پەیرەوکردنی جوت قافیە دیاری دەکات , و ئاماژە بەو بەکارهێنانە هەمە جۆرانەی قافیە لە چوار خشتەکی و پێنج خشتەکی دەکات .)) ( عزالدین ١٩٦٦،ل. ١٩٨ ) . ( پابەندنەبونی شێخ بە قافیەی یەکگرتو , زیاتر یارمەتی دەدا بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیر و کێشانی وێنەو تابلۆی گەشی ژیان و سروشت بەم شێوە زیاتر بایەخی بە ناوەرۆکی شیعرەکانیدا ) . (عەلی ٢٠٠٨ ،ل. ٢٤ ) . بەم شێوەیەش لە دیدی ئەم بزوتنەوە نوێگەریەوە سەروا گۆرانکاری تێدا کراوە , لەتاك قافیەوە بەرەو جوت قافیەوە هەنگاونراوە , قافیەی هەمەرەنگ بەکارهێنراوە . یەکێک لە خەسلەتەکانی بیری نوێخوازی شێخ نوری ئەوە بووە کە باوەری تەنیا بە شاعیری گەنج و بەشیعری نوێ هەیە :

**بە قانونیش موەزەف گەییە حەددی خۆی , تەقاویتە**
**تەمای چیمان هەیە , تاکەی بژی شیعری من و زێوەر** **( ئازاد ، ٢٠٠٨ ل. ٥٥٩)**

یەکێکی تر لە سیماکانی نوێخوازییەکە , رونی و ئاشکرایی مەبەستەکانی ناوەرۆکی شیعر بوو. هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بە پێویستیەك لە پێویستیەکانی دەقی شیعری دادەنێت, چونکە ئالۆزی لە نوسیندا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرلێشیوان و رێگا گرتن لە بەردەم گەیشتن بە مەبەستە راستەقینەکەی بەرهەمەکە .( گۆران ) جەخت لەو پرنسیپە دەکاتەوە,کە (( لە هەڵبەستی تازەدا وشەبازی و زەرکەشی کردنی ئوسلوب باوی نەماوە , ولە باتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەر ناوەرۆك .)) ( ئومێد ٢٠٠٥ ،ل. ٢٨ ) .

**نوێکردنەوە لە ناوەرۆکی شیعردا**

هۆی پەسەند نەکردن و رەتکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەگەرێتەوە بۆ تەم ومژ و مانای شاراوەی شیعرەکان , کە کاتێکی زۆری لە خوێنەر دەوێ بۆ تیگەیشتن لە مانای راستەقینەی دەق . لە لایەکە ترەوە, ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی, دوربوو لەگەڵ خواستی قۆناغە نوێیەکەی سەردەمی دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانیەوە.

شیعری نوێ, وەك بەرهەمێکی هونەرە جوانەکان لای کوردیش سیما و تایبەتمەندی نەتەوەیی پێوە دیارە . بەگشتی شیعری ئەم ماوەیە رۆڵی رێنیسانسی گێراوە, کە زیاتر چووە ناو ژیانەوە و وێنەی ڕاستەقینەی رەنگرێژکرد, کاتێك سەرنج لە سامانی شیعری بەجێماوی شێخ نوری دەدەین, دەبینین بە پێی ئەو پلەیەی لە ناوبانگدا پێی گەیشتوە , مایەی هەیە لە نواندنی تایبەتیەکانی نەتەوەو نیشتمان کە بەهرەی داهێنەرانەی خۆی لە سامانی بیری نیشتمانی کوردەوە وەرگرتووە . هەربۆیە( دکتۆر عیزەدین مستەفا), دەگاتە ئەو راستییەی, کە (( قوتابخانەی کلاسیکی بەرەبەرە کشاوە دواوە دوای ئەوەی ئەو بابەتانەی مەبەستە شیعرییەکانی پێك دەهێنا نەیتوانی تەعبیر لە گیروگرفتەکانی جەماوەر بکەن )) ( عزالدین ١٩٦٦،ل. ١٠٥ ) .

(( لە دایکبونی ناوەرۆکی وێنە و شێوازی نوێ لەو رۆژگارەدا رووداوێکی سروشتی بوو , کە جێ بە شیعری کلاسیکی کۆن لەق بکا, چونکە کاتی ئەوە هاتبوو کە دەوری ئەم شیعرە کۆنە بەسەر بچێ لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەیێکی سەدان سالەی بەسەردا تێبەر بووبوو , دەبوو نوێکردنەوەو گۆرانی بەسەردا بێت .)) ( مارف ٢٠١٠ ، ل. ٣٥ ) .

قاڵبی نوێی شیعریی بەبێ ناوەرۆکی نوێ , نوێخوازێکە کامل ناکات, کە بەلامانەوە هۆکاری سەرەکی پشتەوەی نوێخوازێکە , هاتنە کایەوەی هەندێ بابەت و ناوەرۆکی نوێ بوو کەوای دەخواست, ئەم ناوەرۆکە نوێیانە پێویستیان بە فۆرمی تازە بێت. هۆی پەسەندنەکردن و رەتکردنەوەی ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی کوردی لای شێخ نوری دەگەرێتەوە بۆ تەم و مژو مانای شاراوەی شیعری کلاسیکی و دەستنەدانی ئەو جۆرە باباتانەی کەناوەرۆکی شیعری کلاسیکیان پێك دەهێنا بۆ ئەو رۆژگارە . خواستی سەردەمەکە کاریگەری لە هونەری شیعر هەبوو, کە شاعیران روو لە ناوەرۆکی نوێ بکەن ,چونکە بە لایانەوە بە پێچەوانەی کلاسیکەکان هونەری شیعر دەبێ لە خزمەتی گیروگرفت و ئالۆزییەکانی کۆمەڵدا بێت. ئەرکی شاعیرە, جیهانی شیعرییەت تێکەڵ بە جیهانی واقیعی کۆمەڵگا بکات . (( باری سیاسی و کۆمەڵایەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە سایەی راپەرینەکەی شێخ محمود دژی ئینگلیزەکان و تورکەکان تەوژمێکی رۆشنبیری و ئەدەبیشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە کە شاعیرو نوسەرانی کوردستانی عێراق لە راستی خۆیانەوە بە پێی بەهرەو شارەزایی و پلەی رۆشنبیری خۆیان کەوتنە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی, راستیەك هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم شاعیرانە تا سەر تامەزرۆی بەهرەی هونەرییان بەو شیعرە کلاسیکیەی ئەو سەردەمە نەدەشکا , تینۆی شێوەو ناوەرۆکێکی ئەدەبی سەردەم بوون , بۆیە لە ئەنجامدا کۆمەڵێك شاعیری بەهردار کەوتنە خولیای ئەوەی کە بین بنێن بە سەرچاوەی ئەدەبی نوێی تورکەکانەوە , لە هەنگاوی یەکەمدا ئەدەبەکەیان بریتی بوو لە لاساییکردنەوەی شیعری رۆمانتیکی تورکی . نوری شێخ ساڵح یەکەم شاعیرو پێشرەوی ئەم رێبازە ئەدەبیە نوێیە بوو )) ( خورشید ،ل. ٦٨ ) . بەم پێیە بە هۆی ئەو گۆرانکاریانەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی بارودۆخی ژیانی سەردەمە نوێیەکەی گرتەوە, وای کرد شێخ نوری خۆی لەبەردەم ناوەرۆکێکی نوێدا ببینێتەوە , ئەو ناوەرۆکە نوێیەش پێویستی بە شێوە دەربینێکی تازەتر هەبو . ئەم بنەمایە لای شێخ نوری لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێدەکات کە دەڵێ: (( فیلحەقیقە ئسلوب خۆی لە خۆیەوە ماهیەتێکی مەخسوسی نییە کامیلەن تابعی مەوزوعە , مەوزوع کە گۆرا ئسلوبیش بە مەجبوری تەعقیبی گۆرانی مەوزوعەکە دەکات )) ( ١٩٢٦ ، ل. ٢ ) . جیاوازی شێواز دەبەستێتەوە بە جۆری بابەتەکان و گۆرانی ئەو بابەتانە دەکاتە بناغەی دروستبونی شیوازی جیاواز .

شیعری سیاسی کوردی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە رۆلی سەرەکی دەبێت لە هاندان و پشتیوانیکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی دا . (( سوپای رزگاری شێخ مەحمود لە ساڵی 1922 هاتە ناو شاری سلێمانی و سەربەخۆیی وڵاتی جاردا . ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەر هەموو چینەکانی کۆمەلی کوردی , شاعیران بەسەر ئەو رۆژە پیرۆزەیان هەل وت )) ( مارف ٢٠١٠ ،ل. ٢٢ ) . هەروەك ( ا.ب. هەوری) یش (( نوێخوازیەکەو رابەرایەتیەکەی شێخ نوری لە نوێکردنەوەی شیعری قۆناغی (1920-1930 ) بە مەینەتی و زۆلم و چەوساندنەوەی گەلی کوردەوە دەبەستێتەوە . )) ( ١٩٧٠ ،ل. ٣ ) . بەم پێیە راپەرینی شێخ مەحمود و دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی کارێکی گەورەی کردە سەر ئەدەبی کوردی .تەنانەت بە یەکێك لە هۆکارەکانی دادەنێین , کە شاعیرێکی وەك شێخ نوری بێنێتە سەر ئەوەی, کە بیر لە شێوازێکی نوێی شیعری جیاواز لە کلاسیك بکاتەوە, کە لە ئاستی دەربرینی ئەو واقیعە نوێیەدا بێت .

ناوەرۆکی نوێی شیعری رەنگپێدەرەوەی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکە بوو . ئەو یەکەم شاعیر بوو ,کە رەچەی شیعری کلاسیکی کوردی شکاند و بناغەی نوێخوازی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دارشت ,شێوازێکی نوێی شیعری جیاواز لە شێوازەکەی( نالی و سالم وکوردی و محوی ..)و شاعیرانی تری کلاسیکی هێنایە کایەوە .بە لای شێخ نورییەوە, ناوەرۆك گرنگ بوو , بەڵام روخساریشی فەرامۆش نەکردوە, خۆی نەدەبەستەوە بە قافیەی یەکگرتو و هەندێ جاریش پەیرەوی کێشی خۆماڵی کردوە شیعری کوردی لە , وشەی عەرەبی و فارسی و سەروای یەکگرتوو بردە دەرەوە لە شوێن ئەمانە بایەخی داوە بە ناوەرۆکی شیعرەکانی . ((

نوێكردنەوە لەسەر ئاستی ناوەرۆك : هەندێك وای دەبینن كە نوێكردنەوە لە ناوەرۆكدا بە شێوە و قاڵبی كۆنیش دەبێت . لەنگەری بایەخ خرایە سەر ناوەرۆك , وشەبازی باوی نەما شاعیر خولیای گەران بوو بە دوای ناوەرۆكێكی تازەدا .)) ( ئومێد ٢٠٠٥ ،ل. ٢٧ ) .
ڕێبازی ڕۆمانتیكی لە بری كلاسیكی لە شیعری سروشت و خۆشەویستی ڕەنگی دایەوە, شیعری سیاسی نوێی بە سیمای ڕۆمانتیكیانەوە , نوێخوازیەكەی خستە قۆناغێكی تازەوە (( لە ماوەی بیستەكان – چلەكانی سەدەی بیستەم لیریكی تازەی ڕۆمانتیكی كوردی پەیدابوو , ناوەرۆكە كۆنەكانی دڵداری و نائومێدی و خەم و پەژارەی ژیان و جوانی سروشت بەردەوام بوون. بەڵام نەوە تازەكان لە شاعیرانی كورد لە قاڵبی كلاسیكی دور دەكەوتنەوە . بەلای ئەمانەوە ڕاستی و ڕوداو ماكی ئەدەبی نوێیە .)) ( مارف ٢٠١٠ ،ل. ٣٢ ) . بۆ نمونە شاعیر, لە ساڵی 1926 لە شیعری ((ساڵی گوزەشتە )) لە سەر شەهیدكردنی ڕۆلەكانی كوردستان فرمێسك دەبارێنێ و باس لە دەردو ئازاری ئەو كارەساتەمان بۆ دەكات كە لە ساڵی 1925 ڕویداوە :

**ئەم زوڵمە كە دی میللەتی ئەم كوردە لە توركان**

**نەیدەوە زەمانە چ لە ئینس و چ لە شەیتان** **( ئازاد ، ٢٠٠٨ ل.٤٩٢)**

, شاعیر تێروانینێكی نوێ بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردەكانی سروشت دێنێتە كایەوە چونكە لێرە بەدواوە ( سروشت ) وەكو ڕوداوێك لە پێناوی ڕونكردنەوەی بیری بەرهەم و دەرخستنی هەستی ناوەوەی قارەمان بەكاردەهێنرێ.
لەبابەت ناوەرۆكەوە جۆرە شیعرێك پەیدابوو بە ناوی لیركی داستانی لە شێوەی دراماد‌ا .. لە بەرهەمی ئەم جۆرە شیعرەدا شاعیر دەتوانێ ڕوونتر و قوڵتر خەباتی خەڵك لە پێناوی چاككردنی باری ژیان و ڕزگاری نەتەوایەتی بكاتە بەرهەمی ئەدەبی بەرز . نمونەی شیعری ( لە خەوما ) ڕەنگپێدەرەوەی دۆخی سەردەمی شاعیرە :

**ئیمشەولە وەختی نیوەشەودا سەر لەسەر سەرین**

**ئەتلامەوە بە كردەوەیی ڕۆژگارەوە**

**ڕۆییم لەگەل بەریدی خەیاڵا حەزین حەزین**

**كەوتمە خەیالی كردەوەی نالەبارەوە** **( ئازاد ، ٢٠٠٨ ل.٤٣٧)**

(ڕەفیق حیلمی), كە بەرهەمی شاعیر هەڵدەسەنگێنێ , ئەوە ڕووندەكاتەوە ئەم جۆرە شیعرانە لە بابەت و ناوەرۆك و شێوازدا تەنها پێوەندییەكی لەگەڵ شیعری كلاسیكی كۆندا هەبێت ئەوەیە بە كێشی عەروزی نوسراوە . ( مارف ٢٠١٠ ،ل. ٣٨ ) .
بەم پێیە دەتوانین بڵێین شێخ نوری شێخ ساڵح بناغە دارێژەری شیعری نوێی كوردی وسەرقافلەی كاروانی نوێكردنەوەی شیعری كوردی یە لە 1920- 1930,بەڵام لە ساڵانی سیەكان بەدواوە بەخششی شێخ نوری وداهێنانی شیعری گۆڕانی تری بەخۆیەوە نەدی و ئیتر ڕێچكەیەكی تری نوێخوازی بە پێشەوایەتی( گۆران ), وەك تەواوكەری ڕێچككەی شێخ نوری و درێژەدان و بەردەوامی پرۆسەی نوێكردنەوە هاتە كایەوە.

### ئەنجام

1- شێخ نوری هەوڵی تێپەراندنی شیعری كلاسیكی كوردی داوە و لەم لایەنەشەوە هەنگاوی تیۆری و پراكتیكی ناوە, بەم كارەشی دەرگایەكی نوێی لە بەردەم شاعیرانی كوردی قۆناغەكەدا دەكاتەوە .

2- یەكەم بەردی بناغەی نوێگەری لە ساڵانی بیستەكانی سەدەی بیستدا لە باشوری كوردستان لەسەر دەستی شێخ نوری دانراوە, تەنانەت شاعیرانی, وەكو ڕەشید نەجیب و گۆرانیش لاسایی ئەو ڕێچكە نوێیەیان دەكردەوە كە شێخ نوری دایهێنابوو.

3- لە فۆرمی شیعردا ڕووی لە زمانێكی نوێی شیعری كرد كە تەواو جیاواز بوو لە شێوازی شیعری كلاسیكی بەتایبەتی لەرووی وێنەو وشەو دەستەواژەی شیعریی تازەوە .

4- هەرچەندە پەیرەوی شیعری عەروزی عەرەبی كردوە, بەڵام هەوڵی داوە ڕوو لە كێشی خۆماڵێ بكات و چەند دەقێكی بەو كێشە نووسیوە . ئەوەی تازە بووە لە نوێكردنەوەكەدا,ئەوەیە كە وازی لە سەرواى یەكگرتوو دەهێنێت و سەرواى مەسنەوی بەكاردەهێنێت .

5- بنیاتی سەرواى شیعرەكانی لە سەرواى یەكگرتوەوە گۆری بۆ سەرواى مەسنەوی و جوت سەرواو هەمەرەنگ .

6- لە روی ناوەرۆكەوە ڕووی لە بابەتی نوێ كردوە, كە لە واقیعە نوێیەكەوە وەریانی دەگرت و, لە بابەتەكانی وەك دڵداری وەسف و غەزەل و قەسیدە دوركەوتەوە .

7- دوركەوتنەوە لە لاساییكردنەوەی پێشینەییەكان و ڕووكردنە بابەتی نوێ و سەردەمیانە كە گرێدراوی داخوازییەكانی خەڵكەكە بێت .شیعری سیاسی لە بەرگی ڕۆمانتیكیانەدا سیمای دیاری نوێكردنەوەكەی بوو.

8- شیعری کردە هۆکارێك , بۆ گەیاندنی کۆمەڵێك پەیامی هەمە جۆر, تا لە ڕێگەیانەوە کاریگەری لە سەر هۆشیاری و ئاستی بیرکردنەوەیان دابنێت .

## سەرچاوە بە زمانی کوردی


1- ئاشنا , ئومێد ، ( 2002 )،**گۆران نوسین و پەخشان ووەرگێراوەکانی** , ئاراس , هەولێر ,

2- ئەحمەد ,خورشید رشید، ( 1989 ) ، **ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا** , وەزارەتی ڕۆشنبیری , عێراق ،بەغدا ,

3- ئەبوبەکر حوسێن , هەڤاڵ(د) ، ( 2010)، **پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا** , سلێمانی ,

4- بەرزنجی , عەلی تاهیر(د) **،** ( 2008 ) ،**کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا** , سلێمانی ,

5- بەکر، محەمەد(د) ، ( 1998) , **سیما عەروزییەکانی قۆناغەی گواستنەوەی شیعری کوردی** , گ, زانکۆیا دهۆك , پەرپەندا -1 , ژمارە 1 , دهۆك

6- بیمار ،عبدالرزاق, (1992)، **کێش و مۆسیقای هەلبەستی کوردی** , بەغدا

7- پیرباڵ , فەرهاد (د)،( 2005 )، **شیعری نوێی کوردی** , هەولێر ,

8- پیرباڵ , فەرهاد (د) ، (٢٠٠١ ) ، **عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ،** وەزارەتی پەروەردە ، دهۆک .

9- حسن بصیر، کامل(د) ، ( 1980) ، **شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەییو ڕەخنەسازیدا**، بەغدا.

10- حیلمی ، رەفیق ، ( 1956) **، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی** ، بەرگی دووەم ، ، چاپخانەی الشباب ، بەغدا.

11- حوسێن , هیمداد (د) ، ( 2007) **،دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی** ، موکریان ، هەولێر

12- خەزنەدار ، مارف (د) , ( 2010 ) **مێژوی ئەدەبی کوردی** , بەرگی پێنجەم, , چاپی دووەم ، ئاراس, هەولێر

13- خەزنەدار ، مارف (د) , ( 2010 ) , **مێژووی ئەدەبی کوردی** ,ب. 6 , A ، چ / 2 ، ئاراس, هەولێر.

14- خۆشناو، ئەبوبەکر (د)، (٢٠٠٨ )، **لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیما یوشیج**، بەرێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

15- رەسول , عیزەدین مستەفا (د) ، ( 1990 ) **ئەدەبیاتی نوێی کوردی** ,چاپخانەی تعلیم العالی, هەولێر .,

16- رەسول باڵەکی ،یادگار,( 2005 ) ,**سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی** , دهۆك ,

17- سەجادی , عەلائەدین ، ( 1956) ، **مێژوی ئەدەبی کوردی** , بەغدا ,

18- سدیق عارف ، محمد **( 1958) ،کامەران و هۆنراوەی نوێ** ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغداد

19- سابیر , پەرێز (د)، ( 2006 ) ، **رەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر** ,ئاراس , هەولێر ,

20- شوکری عەبدوڵڵا ، فەهمی ( 2006), **رەگەزی نوێی شیعری کوردی لای قەدری جان** , هەولێر ,

21- عبدولواحێد , ئازاد **،** ( 2008) **،دیوانی شێخ نوری** , بەرگی یەکەم , چاپی دووەم , ئاراس ، هەولێر ,

22- عەلی ، دڵشاد (د) , ( 1998) **، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا ,** سلێمانی .,

23- غازی ،حوسَین,( 2008 ) **نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی 1932 – 1949 لە کوردستانی عیراق** , هەولێر ,

24- فەللاح ،کاکەی, (1980 ) **، کاروانی شیعری نوێی کوردی** ، بەغدا

25- کەریم ، (د) ئازاد عەبدلواحێد , ( 2006 ) , **نوێکردنەوەلە شیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی 1970** , کرکوك .

26- جەمال سەلام ،کوێستان ، (٢٠٠٤ ) ، **دەوری شێخ نوری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا** ، زانکۆی سەلاح دین ، کۆلێژی زمان ، بەشی کوردی ( نامەی دکتۆرا )

27- گەردی ، عەزیز،(2003) , **رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی** , وەزارەتی رۆشنبیری , سلێمانی .

28- مەلا کریم **،** محمدی **، ( 1980) ، دیوانی گۆران** ، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق ، بەغدا .

29- مستەفا ، محەمەد فازیل (د) , ( **2011) ،دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا** , هەولێر .,


**رۆژنامە**


1 - سالح ،شێخ نوری شێخ ، **ئەدەبیاتی کوردی**، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (22) تەمموزی 1926.

2 - هەوری ،ا. ە. ب. (1970 ) ،.**یادی شاعیری بەنرخ شێخ نوری شێخ ساڵح** ,رۆژنامەی ژین , ژ: (3) , سلێمانی .

3 - تێگەیشتنی راستی ,( 1918 ), ژمارەی ( 23 -2 4 -25 )


**گۆڤار**


1- بیمار ، عەبدولرەزاق, (1970 ) ، **دانیشتنێك لەگەڵ گۆران** ، گۆڤاری بەیان ژمارە (2 ) .

2- عەلی ,دڵشاد (د ) (٢٠٠١ ) ، **دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر پیرەمێرد و گۆران و دیلان** , گۆڤاری زانکۆی سلێمانی , ژ: ( 5) .

3- عەلی ,دڵشاد (د ) , (2005 ) , **گۆران داهێنان و نوێخوازی** , گۆڤاری زانکۆی سلێمانی , ژ: ( 20) .

4- گۆران ،ئەژی, (1981 ) **،شێخ نوری و چەند بیروراو سەرنجێکی رەخنەگرانە** , گۆڤاری بەیان , ژمارە ( 71) .

5- گەرمیانی ، عادل مجید (د) ، جاف ، سرور ولی اسماعیل ، (٢٠١٤ ) ، **رۆڵی شێخ نوری شێخ ساڵح لە سەرهەڵدانی رەخنەی ئەدەبی کوردی ،** گۆڤاری ( الاستاذ ) ،ژمارە (٢٠٩ ) ،

**6-** بەکر ، محەمەد ( د ) ، ( ١٩٩٩ ) ، **عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ، گۆڤاری زانکۆی دهۆک ، ژ. ( ٦ ) .**

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

1- الصائغ ،يوسف ، (1958 ) ،**الشعر الحر في العراق منذ نشأته حتى عام 1958**،.

2- لؤلؤه ،عبدالواحد (د)، ( 2002 ) ، **مدائن الوهم شعر الحداثة والشفات**، رياض الريس للكتاب والنشر،.

3- مصطفى رسول عزالدين (د)،(١٩٦٦) **الواقعية فى الادب الكردي** ، صيدا – بيروت ، منشورات دار المكتبة المصرية ،

4- عزالدين، يوسف (د) ،(2007 )، **التجديد في الشعر الحديث**، دار المدى، ط2 .

5- عبدالله ، سرور (د) ، ( ٢٠١٥ ) ،**حركه الحداثة فى الشعر الكردى** ، موسسه ايديا لنشر ، سليمانى ،

6- خزنەدار ، معروف(د), (1952 ), **الادب الكردى الحديث** , جريدة اربيل , العدد 91 ,


## شيخ نورى شيخ صالح رائدا و مجددا من الكلاسيكية الى الرومانتيكية


**سامان عزالدين سعدون**

جامعة جرمو. مركز جرمو للبحث العلمي



**ملخص**

شيخ نورى شيخ صالح رائدا و مجددا من الكلاسيكية الى الرومانتيكية . عملية الحداثة والتجديد ي الادب الكردي ذات مسيرة طويلة , واوضح المثال فيها هو عشرينات القرن العشرين المنصرم , اذ تاسست على يد الشاعر شيخ نورى وتم اتباعها كموضة جديدة من ( 1920 – 1930 ) وقد استطاع الشاعر بالاستفادة من الحركة الحداثة في الشعر التركي . ان يجري حملة من محولات التجديد في خصائص الشعر الكردي على الصعيدي الشكل و المضمون في معالم شعر العصر الحديث . وعلى هذا الاساس تخطى المرحلة الكلاسيكية و أسس ابنية لتيار الرومانسية الكردية , كمرحلة جديدة في الشعرالكردي .

مال شيخ نورى الى ايجاد لغة كردية خالصة و صافية و مضمون جديد و وحدة الموضوع و تعبير القوافى و اتباع الوزن الهجائي على نحو ما , وهذة من اهم سمات مسارة الحديث , كما تعد الدقة و وضوح مرامي محتوى الشعر احدى خصائص تجديدة الشعرى , ومن هنا يظهر ان الشاعر شيخ نورى كان مطلعا على مسارات الشعر الاوروبي الحديث واستمد منها الكثير وعلية تمكن الشاعر كأول مجدد في الشعر الكردي الحديث ان يصوغ رواة في اطار نظري مستثمرا المصدر الكردي الاصيل في الاداب الكردية . واتبع الشاعر عبداللة طوران ومعظم الشعراء تلك الفترة المسار الشعري الجديد لشيخ نورى شيخ صالح . ولا ينكر كوران تلك الحقيقة بل يصرح انة ساير لفترة ما اجادة شيخ نورى و مجايلو الشاعر في تلك الفترة .


## Sheikh Noori Shekh Salih-the leading and the modernist; from classicism to Romanticism


**Saman Ezaddin Saadoon**

College of Education and Languages - Kurdish Language Department / Charmo University



**Abstract**

The research titled as Sheikh Noori Shekh Salih-the leading and the modernist; from classicism to Romanticism consists of two parts; the first part is about the method of renewal of poetry in the foreign literature and Kurdish literature, while the second part is concerned with the role of Sheikh Salih in the renewal of Kurdish poetry.

The process of the renewal in the Kurdish literature is a long process, and the most prominent stage of this process is the 1920s, when the basis of this process founded by Sheikh Noori, and for a decade (1920-1930) was implemented as a new model. Shekh could make use of the Turkish poetry renewal movement to make changes in the form and content of the Kurdish poetry, thus, he leaves the classicism trend and founds romanticism in Kurdish literature.

The most explicit characteristics of this new trend by Sheikh Noori was employing pure Kurdish, modern content, unity, changing rhythms and pair rhymes in poetry. Another symbol of this renewal was clarity and explicitness of the purposes of the poetic content.

this shows the fact that Sheikh Noori was aware of the European renewal process and he has got this view from them, accordingly, Sheikh Noori as the first founder of the renewal in Kurdish poetry could show his views in a theoretical frame, while he has structured the basis of this renewal from the original and indigenous source of our Kurdish literature. Goran and most of the other poets of that time were followers of the new trend by Shekh Noori, Even Goran admits that for some time he followed his method.



**Keyword:** Sheikh Noori Shekh Salih, leading and the modernist, classicism, Romanticism.